# بنەمەکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای نۆرمەن فێرکڵاف

## توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە .

**ID No.1151**

(PP 340 - 356)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.19

**میدیا ابراهیم فتاح**
بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلیژی ئاداب،زانکۆی سۆران
media.fatah@soran.edu.iq

**هیوا احمد عزیز**
بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی صەلاحەددین-هەولێر
hiwa.a.aziz@su.edu.iq

**الاستلام: 2023/04/11**
**القــبول : 2023/05/18**
**النـــــشر : 2023/12/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی زیاتری شیکاری ڕەخنەیی گوتار لە ڕوانگەی زانای ئینگلیزی، نۆرمەن فێرکڵافەوە؛ جارێکیان وەک بنەمایەکی تیۆری و جارێکی تریان وەک بنەمایەکی میتۆدۆلۆژی لە توێژینەوەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتیش کۆمەڵناسی. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا لە لایەکەوە هەوڵیان داوە بنەما تیۆرییەکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای فێرکڵاف بۆ خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دەرخستنی کارکردە زمانەوانییەکان لەسەر کردە نازمانییەکان بخەنە ڕوو ، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار وەک بنەمایەکی میتۆدۆلۆژیان داوە.

**وشە کلیلییەکان:** گوتار، شیکاری ڕەخنەیی گوتار، ئایدیۆلۆژی.

### ١. پێشەکی

چەمکی گوتار بە واتایەکی فەلسەفی-کۆمەڵایەتی یەکەم جار لە لایەن میشێل فوکۆ،(Michel Foucault,1926_1985 ) بیرمەندی فەرانسییەوە بە کار هات. چەمکی گوتاری فوکۆ وەک گرینگترین چەمکی ئەو لە زانستە مرۆییەکاندا سەیر دەکرێ. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە شەش ساڵ پاش مردنی فوکۆ ئەنجام دراوە، چەمکی گوتار بووەتە یەکێک لە گرنگترین چەمکەکان لە ئەدەبی زانکۆیی وڵاتانی جیهاندا. فوکۆ دەیگوت چەمکی گوتار جێگرەوەیەکە بۆ نموونەی مارکسیستیی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی و لێکدانەوەی دەروونشیکارانە (Vighi and Feldner,2007:141). گرنگی گوتار و ئەو ڕۆڵەی کە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێت وای کردووە کە توێژینەوە لە کارکردە زمانەوانییەکان و نازمانییەکانی گوتار ببێتە پێویستییەکی زانستی لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا؛ بەتایبەتی دەرخستنی کارکردە نازمانییەکانی گوتار (کارکردە کۆمەڵایەتییەکان) لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

میتۆد و تیۆریی شیکاری ڕەخنەیی گوتار ڕێگەیەکی تایبەتە بۆ قسەکردن لەسەر جیهان و تێگەیشتن لێی. فێرکڵاف لە شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا، بەپێچەوانەی شیکردنەوە نەریتییەکان و زماناسان، چیتر وەک بنەمایەک بۆ ڕوونکردنەوەی مانا تەنیا مامەڵە لەگەڵ زمان و وشەسازییەکانی ڕستەدا ناکات، بەڵکوو لەوەش زیاتر مامەڵە لەگەڵ فاکتەرەکانی دەرەوەی دەقدا دەکات: دۆخی کولتووری، کۆمەڵایەتی (تێکست، کۆنتێکست).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە شیکاری گوتار بەتەنها لە بواری زمانەوانیدا خۆی نەبینیەوە، بەڵکوو لە ماوەیەکی تا ڕادەیەک کورتدا ئەم مەیلە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی ڕەخنەییەوە چووە ناو توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وەک

کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن و سیاسەتیش. چەمکی گوتار و شیکاری گوتار بە هۆی هەوڵی بیرمەندانی وەک میشێل فوکۆ و ژاک دێریداوە لەناو بیرمەندە دیارەکانی تری ڕۆژاوادا فۆرم و شێوەیەکی ڕەخنەیی وەرگرت.
'شیکاری ڕەخنەیی گوتار' وەکوو بابەتێکی توێژینەوە و هەروەها وەک ڕوانگەیەکی تیۆری و میتۆدۆلۆژی لە کۆمەڵناسیدا پەیوەندی بە ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی ئەو کەسەوە هەیە کە شیکاریەکە دەکات و بە هەمان ڕادەش پەیوەندی بە خودی شیکاریەکە و فاکتەرەکانی دەورووبەرییەوە هەیە.
نۆرمەن فێرکڵاف شیکاری ڕەخنەیی گوتار بە ڕوانگەیەکی تیۆری و میتۆدۆلۆژی دەزانێت کە گرنگی بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی لایەنە گوتارییەکان دەدات، بەتایبەت پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن و هاوچەرخ و ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی لەنێوان پێکهاتە و کرداردا هەیە؛ جگە لەوەش گرنگی بە پەیوەندی نێوان گوتار و توخمەکانی تری ڕووداوەکان و پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان دەدات.
فێرکڵاف لە ڕووی میتۆدۆلۆژیشەوە شیکاری ڕەخنەیی گوتار بە ڕوانگەیەکی فرەپسپۆڕی دەزانێت کە لە هەنگاوە شیکاریەکەیدا، بۆ تەواوکارییە میتۆدی و تیۆرییەکەی خۆی، چەندان ڕێبازی میتۆدۆلۆژی لە زانستە جیاوازەکانەوە کۆ دەکاتەوە.
زانایانی هەریەک لە زانستەکانی زمانناسی، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی هەڵگری بۆچوونی جیاوازن سەبارەت بە سروشتی 'شیکاری ڕەخنەیی گوتار'. هەندێکیان وەک میتۆد، ئامراز، یان میتۆدۆلۆژی سەیری دەکەن کە بەکار دێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئیدیۆلۆژییە درۆیین و شاراوانەی کە لە پشتی گوتارەکانەوە خۆیان حەشار داوە، هەندێکی تر وەک لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی زمانەوانی بۆی دەڕوانن کە بەشدارە لە تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە زمانی گوتار و دەقە جۆراوجۆرەکاندا ئاماژەی پێکراوە. سەرەڕای جیاوازییەکان سەبارەت بە سروشتی 'شیکاری ڕەخنەیی گوتار' هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم تیۆرییە وەڵامی کۆتایی بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ناداتەوە، بەڵکوو وا دەکات تاک لەو بارودۆخە تێبگات کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەک. هەروەها لە ڕەگوڕیشەی بیری قووڵی پشت بابەتێک تێبگات، وەک چۆن شیکاری گوتار بەکار دەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی: پرسە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان و گرنگیدان بە وردەکارییەکانی ئەوەی کە تاکەکان چی دەڵێن یان چی دەکەن؛ هەروەها گرنگیدان و مامەڵەکردن لەگەڵ وشە تاکەکسییەکان لەناو دەق و دانانی لە چوارچێوەی گشتی خۆیاندا بە ئامانجی دۆزینەوەی حەقیقەتی پشت سیستەمەکە، لە هەمان کاتدا دەرخستنی هێزە نەبینراوەکانی وشەی وتراو یان نووسراو. لێرەوە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی بناغە تیۆری و میتۆدۆلۆژییەکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتارە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت لە کۆمەڵناسیدا لە ڕوانگەی فێرکڵافەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی فیکری و زانینی گرنگترین تایبەتمەندییە تیۆرییەکان، جگە لە زانینی هەنگاوەکان و چۆنیەتی پشتبەستن بە شیکاری ڕەخنەیی گوتار وەک یەکێک لە دیارترین ڕێبازە چۆنایەتییەکان لە کۆمەڵناسیدا.

## ٢. ڕەگەزەسەرەکیاکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکەکان

### ١.٢ گرفتی توێژینەوە :

گرفتی سەرەکی توێژینەوە بریتیە لە ناساندنی بنەما سەرەکیەکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای نۆرمان فێرکڵاف ، بۆ توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەت کۆمەڵناسی، گرنگی بابەتی لێ توێژراوەو کەمیکارپێکردنی ئەم (میتۆد و تیۆرە) لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵناسی بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان بووەتە جێگەی سەرنجی توێژەران، هەربۆیە ئەمە وەک و گرفتی توێژینەوەکەیان دەبینن.

**٢.٢ گرنگی توێژینەوە :**هەرتوێژینەوەیەکی زانستی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەم توێژینەوەیە کە تایبەتە بە بنەماکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای نۆرمان فێرکڵاف، یارمەتیدەر دەبێت بۆ توێژەران وەک و سەرچاوەیەکی تیۆری ، بۆ ناساندن و کارپێکردنی هەم وەک و تیۆر و هەم وەک و میتۆدێکی زانستی لە بواری توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەت کۆمەڵناسی .

### ٣.٢ میتۆدی توێژینەوە:

**ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی تیۆری وەسفییە، توێژەران میتۆدی وەسفی شیکرییان بەکار هێناوە .**

**٤. پێناسەی چەمکەکان :**

گرنگترین ئەو چەمکانەی کە پێویستە لەم توێژینەوەیە پێناسە بکرێن بریتین لە ، گوتار، شیکاری ڕەخنەیی گوتار، ئایدۆلۆجیا.

**١.٤ چەمکی گوتار: الخطاب ( Discourse)**

زاراوەی گوتار تارادەیەک چەمکێکی لێڵە، چونکە لە بوارەکانی زمانەوانی و کۆمەلناسی و مرۆڤناسی و فەلسەفە....دابەکاردەهێنرێ (Barabara,2008:1).

لای فۆکۆ بریتییە لە تۆڕێک لە پەیوەندیەکان و دەسەڵات و کۆزانین، سیستەمی گوتاریش لەسیستەمی پەیوەندیەکان بەولاوە هیچی دیکە نیە، گوتار لە میانەی دەقەوە دەسەڵات بەکار دەهێنێت دەقی گوتن ودەقی کردار. دواتریش گوتار دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی دەقەوە وەردەگرێت، یان لە دانەرەکەی وەردەگرێت، یان ئەو پایەیەی دانەرەکە هەیەتی لە ناو پایەی کۆمەڵایەتی دا بەوەی کە پیاوێکی بەهێزە یا پێگەیەکی سیاسی هەیە، یا پیاوێکی ئابوورییە، یا بە ناوی دامەزراوەیەکەوە کە کاری تێدادەکا یا دەسەڵات لە سروشتی حاڵەتەکەوە کە تێیدا دەوترێ وەردەگرێ.(الحميری،2009، :12)

گوتار لەڕووی زاراوەوە ..گوتار دیاردەیە، وتەزا،یان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە بە واتایەکی دیکە پرۆسەو ڕەوتێکە کە لە کۆمەڵگاوە سەریهەڵداوە، بابەتە دەربڕاوەکان گوزارەو مەسەلەکانەو وشەو ڕستەکانە، پەیوەندیان بەوخاڵەوە هەیە، کە بابەتە گەیەنراوەکان و گوزارەکان کەی، کێ، چۆن ولەلایەن چ کەسێکەوە، لە دژ یان بە لایەنگیریی لەچ کەسێکەوە، یان بۆ چ مەبەستێک کەڵکی لێوەرگیراوە(محمدی، حاجی زادە، 2006 : 508). فێردکلاف بەسێ واتای جیاواز سود لە چەمکی گوتار وەردەگرێت:

یەکەم/ گوتار لە ڕونترین فۆرمی خۆیدا ئاماژەدەکات بە بەکارهێنانی زمان وەک و پراکتیزەی کۆمەڵایەتی .

دووەم/ لە واتای دووەم دا گوتار جۆرێک بەکارهێنانی زمانە لە کایەیەکی تایبەت دا وەک گوتاری سیاسی، زانستی یان ئایینی.

سێیەم / ئاماژە بە گوتاری ناوی ، کە قابیلی ژماردنبن ،(یەک گوتار، ئەو گوتارە، گوتارەکان...) کە مەبەست لێی قسەکردنێکە کە واتا دەبەخشێت بە کۆمەڵێ ئەزموون لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە ، لەم واتایەدا گوتار ئاماژەیە بە هەرگوتارێ کە قابیلی جیاکردنەوەبێت لە گوتارەکانیتر وەگ گوتاری مارکسی، گوتاری فیمنستی، گوتاری ژینگەی و...(Fairclough,1995:100 ) پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی گوتار: گوتار بریتییە لەپرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و نوسین و وێناکردنەوە کە لەلایەن کەسێک یا گروپێکەوە بە پاڵپشت بە مەبەست و ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت ئاراستەی بەرامبەر (تاک یان گروپ) دەکرێت، بە مەبەست و ئامانجێکی دیاری کراو.

٢.٤ : **شیکاری ڕەخنەیی گوتار : تحليل الخطاب النقدی (Critical Discourse Analysis)**

کۆرسۆن (..Davies corson, 1945) پێی وایە کە شیکاری ڕەخنەی گوتار ، بەکار هێنانی هەندێ تەکنیکی زانستیە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وناسنامەکان لە ڕوانگەی دەقە گوتاریەکانەوە و ئاشکرا کردنی هەژمون و باڵادەستی ئایدۆلۆژیا کە لەپشت دەقەکان بوونیان هەیە .(Corson,1995: 45 ). شیکاری ڕەخنەیی گوتار شێوازێکە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی پەیوەندیەکانی نێوان گوتار و پێشهاتە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان لە بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.Jorgensen and Phillips,2002:60 ) ڤان دایک(..Teun Van Dijk,1943 ) پێی وایە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار، ڕێبازێکی تایبەتە لە شیکاری گوتار ، کە تیشک دەخاتە سەر پێکهاتەو بارو دۆخ و دەرەنجام و کاریگەریەکانی گوتار و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گوتاری لەلایەن گروپە باڵادەستەکان ( Van Dijk,2008 : 85). سەرجەمی زانایانی شیکاری گوتار جەخت لەوە دەکەنەوە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار، میتۆدێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ ئەنجامدانی توێژیەوە کۆمەڵایەتیەکان.(Benwell,2006: 105). بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە فێرکلاف پێی وایە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار هەم وەک و میتۆد بۆ شیکردنەوەی کاریگەریە گوتاریەکان و هەم وەک و تیۆر بۆ خوێندنەوەی کارکردە کۆمەڵایەتیەکانی گوتار پێناسەدەکات.( Chouliaraki & Fairclough,99: 16)

پێناسەی کارپایی : شیکاری ڕەخنەیی گوتاری ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، بۆ لێکۆڵینەوە لە گوتار، کە زمان وەک فۆرمێک لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی دەبینێت. هەوڵدەدات وەک و ڕێبازێکی میتۆدی و تیۆری کاردکردە زمانیەکان و کاریگەریەکانی لەسەر کارکردە نازمانیەکان دەربخات و ئایدۆلۆژیاو مەبەستە شاراوەکانی پشتی دەقەکان بخاتە ڕوو.

### ٣.٤ ئایدۆلۆژیا : الایدیولوجیا ( Ideology)

زاراوەی ئایدۆلۆژیا بۆ یەکەم جار لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە لە فەرەنسا بەکارهاتوەو بەپێ کات و سەردەم گۆڕانکاری بەسەر ماناو ئەرکەکانی ئەم چەمکە دا هاتووە .(Wodak, Meyer,2001: 10). ڤاندایک ئایدۆلۆژیا وەک و جیهاندبینیەیەک دەبینێت کە زانینی کۆمەڵایەتی (مەعریفەی کۆمەڵایەتی ) پێک دەهێنێت .(Van Dijk,2008:33-34). ئەوە لە کاتیک دا کە فێرکڵاف ڕوانگەیەکی مارکسیستی هەیە بۆ ئایدۆلۆژیاو مەعریفە وەک پێکهاتەیەکی تایبەت سەیردەکات و پێی وایە کە ئایدۆلۆژیاکان نوێنەرایەتی لایەنەکانی جیهانن، بەژدارن لە دروستکردن و پاراستنی پەیوەندیەکانی دەسەڵات، هەروەها پاراستنی هەژمون و ئیستغلال کردن لە لایەن دەسەڵات.(Fairclough,2003: 218)

پێناسەی کارپایی بۆ چەمکی ئایدۆلۆژیا: ئایدۆلۆژیا سەرجەمی ئەو بیرو ڕا تایبەتە سیاسی، ئایین و فەلسەفیانە دەگرێتەوە کە لەلایەن تاک و گروپەکانەوە پەیڕەویان لێدەکرێت و کاریگەریان هەیە لەسەر کردارو ڕەفتارەکانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

### ١.٥ شیکاری گوتار، تحلیل الخطاب (Discourse Analysis)

نۆرمان فێرکڵاف(..Norman Fairclough,1942) توێژەرێکی بەریتانییە ، پرۆفیسۆری خانەنشینە لە زانکۆی لنکستەر، پسپۆڕی بواری زمان و کاریگەریەکۆمەڵایەتیەکانی زمانە، بەشێوەیەکی بەر فراوان لەسەر شیکاری ڕەخنەیی گوتار نوسیویەتی بڵاوکراوە سەرەکیەکانی بریتین لە زمان و دەسەڵات(١٩٨٩) گوتار و گۆڕانی کۆمەڵایەتی (١٩٩٢)، گوتار و میدیا (١٩٩٥)، شیکاری گوتاری ڕەخنەیی (١٩٩٥)، چەندان توێژینەوەو کاری هاوبەشی تری لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە(Wodak, Meyer,2001: 1 ) فێرکڵاف یەکێکە لەو زانایانەی کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک دیارترین و کاریگەرترینی ئەو بیرمەندانەی لە بواری شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا کاری کردووە، میتۆدۆلۆژی، تیۆری و پرسیارە نەریتییەکانی زمانەوانیی ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بە پشتبەستن بە نەریتی فەلسەفیی مارکسی، لەسەرووی هەمووشیانەوە چەمکی ئیدیۆلۆژی لویی ئاڵتوسێر و چەمکی هێژمونی ئانتۆنیۆ گرامشی و چەمکی گوتاری فوکۆ، بنیاد ناوە. (Keller, 2013: 23)

فێرکڵاف تیۆرییەکی گوتاری کۆمەڵایەتی داناوە و هەر ئەمەش وای کردووە کە ئیدیعای نزیکی لە گوتاری فوکۆ بکات. فێرکڵاف لەپاڵ دانانی تیۆریی شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا هەوڵیشی داوە کە بەکردەوە و شێوەیەکی پراکتیکی نەخشەی میتۆدۆلۆژییەکەی بۆ شیکاریەکی ڕەخنەیی گوتار بخاتە ڕوو. ئەمەش لە چوارچێوەی میتۆدێکی سێ ڕەهەندییدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە:

ڕەهەندی یەکەم: شیکاری گوتار وەک دەق. واتا لێرەدا فێرکڵاف بۆ شیکاری ڕەخنەیی گوتار پشت بە دەقی گوتار دەبەستێت و دەق وەک تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی، وەکوو ڕێکخستن و وشەسازی و ڕێزمان، بە شێوەیەکی سیستماتیک شیکاری بۆ دەکرێت. فێرکڵاف هەوڵی داوە ئەو پەیوەندییە ڕوون بکاتەوە کە لەنێوان شیکاری دەق و شیکاری کۆمەڵایەتیدا هەیە. لە میتۆد و تیۆریی شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا ئەو پێی وایە کە لە ڕێگەی شیکاری دەقەوە دەتوانین زانیاریمان دەست بکەوێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەرج نییە هەموو دەقێک دەسخەری ئەو زانیارییانە بێت کە بەدوایدا دەگەڕێین. هەر بۆیە فێرکڵاف پێی وایە لەم حاڵەتەدا توێژەر بۆ دەستخستنی زانیاری خوازراو پێویستە پەنا بۆ شیکاری کۆمەڵایەتی دەقەکە بەرێت، چونکە شیکاری کۆمەڵایەتی دەق هۆکارێکە بۆ دەرخستنی زانیارییە شاراوەکانی ناوەوەی ئەو دەقە. فێرکڵاف پێی وایە کە هەندێک کات پێشگریمانەکان لە دەقدا ئامادەییان نییە، واتا ئامانج و مەبەستی دەق ڕاستەوخۆ جەختی لەسەر ناکرێتەوە، هەر بۆیە لەم حاڵەتانەدا بیسەر و بینەری دەق ڕاستەوخۆ ناتوانێت هەستی پێ بکات.

ڕەهەندی دووەم بریتییە لە: گوتار وەک پڕاکتیکی گوتاری. واتا بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەق لەخۆ دەگرێت. واتا دروستکەری دەقێک یا نووسەری دەقێکی گوتاری تا چەند سوودی لە دەق و گوتارەکانی پێش خۆی بینیوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو دەقە گوتارییە.
ڕەهەندی سێیەم بریتییە لە: گوتار وەک پڕاکتیکی کۆمەڵایەتی. فێرکڵاف هەوڵی داوە کاریگەرییەکانی زمان لە شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا لەبەرچاو بگرێت، چونکە پێی وایە زمان جۆرێکە لە پڕاکتیکی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری لەسەر سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. (Jorgensen and Phillips,2002:68-69)
فێرکڵاف پیی وایە کە گوتار کاریگەریی کرداری هەیە. گوتار وەک شێوازێکی کردار، فۆڕمێک کە تێیدا گوتار دەتوانێت کار لە واقعی کۆمەڵایەتی بکات و بەپێچەوانەشەوە واقعی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەبێت بەسەر بەرهەمهێنانی گوتار وەکوو کردەیەکی کۆمەڵایەتی. واتا لێرەدا فێرکڵاف پێی وایە کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە لەنێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و گوتاردا.

**٢.٥ گوتار و بنیادنەرییەکانی ( Discourse & Constructions)**

فێرکڵاف پێی وایە کە گوتار کاریگەری هەیە لەسەر بنیادنانی ئەو شتانەی کە بە شێوەی جۆراوجۆر هەن:
یەکەم- بنیادنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی.
دووەم-گوتار یارمەتیی بنیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات لەنێوان خەڵکدا.
سێیەم- گوتار بەشدارە لە بنیادنانی باوەڕ و مەعریفەدا.
فێرکڵاف پێی وایە کە ئەم ئەرکە بنیادنەرانەی گوتار هاوتا و پەیوەند دارە بە ئەرکە ئایدیاڵییەکانی زمان.
بە هەمان شێوە پێی وایە کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە گوتارەکاندا بەرجەستە دەبن، واتا گوتار هۆکارێکە بۆ بنیادنانی شوناسی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا، هەر گوتارێك هەڵگری جۆرێک لە شوناسی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییە. لە هەمان کاتیشدا بۆ بنیادی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێی وایە کە پەیوەند دارە بە بەشداربووانی گوتار و پەیوەندی نێوانیان کە بەپێی یاسا لە چوارچێوە گوتارییەکانیاندا ڕێکخراوە. پەیوەست بە بنیادنانی باوەڕ و مەعریفە لەناو خەڵک فێرکڵاف پێی وایە هەر وەک چۆن زمان بەشێکە لە کولتوور و وەکوو کردەیەکی کۆمەڵایەتیش بەشدارە لە دروستکردنی زانیاری و مەعریفە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، لەلایەکی تریشەوە، گوتار دەبەستێتەوە بە ئایدیۆلۆژی و هەژموونی دەسەڵاتەوە و ئەمەش بە بەرپرس دەزانێت لە جۆرێك لە بەرهەمهێنانی باوەڕی خەڵک، کە دەسەڵات لە ڕێگەی گوتارەوە کاری بۆ دەکات لە پێناو هێشتنەوەی هەژموونی دەسەڵاتەکانی لە کۆمەڵگادا. (Fairclough,1992:64)

**٣.٥ زمان و گوتار (Language and Discourse)**

مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی گوتار و شیکاری گوتار زۆر کۆن نییە. چەمکی شیکاری گوتار بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1952 لە وتارێکدا، هەریس،(Zellig Harris,1902-1992) زمانناسی بەناوبانگی ئەمریکی بەکاری هێنا کە مەبەست لێی شیکاری پێکهاتەیی ڕێزمانی بوو، کە هەر ئەمەش بووە هۆی برەودان و فراوانبوونی پراگماتیکی زمانەوانی (Keller,2012:6). زۆری نەخایاند کە ژمارەیەک لە زمانناسان بە ماناگەلی جیاواز بەکاریان هێنا، جگە لەوەی کە سەرجەمی زانایانی بنیادنەری تیۆریی شیکاری گوتار لە تێڕوانینەکانیان بۆ گرنگی زمان لە یەکتری نزیکن، کە ئەمەش بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ گفتوگۆی هاوبەش و برەودان لە بواری شیکاری گوتار وەکوو تیۆرییەکی گرنگی بواری زمانەوانی و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو سیاسەت، کۆمەڵناسی و دەروونناسی.(عقیلی،حقیقت، ٢٠١٠: ١٧٠)

تیۆری شیکاری گوتار لە ڕووی زمانەوانییەوە پشت بەو ڕاستییە فەلسەفییە بنەڕەتیەی زمان دەبەستێت کە پێی وایە دەستڕاگەیشتن بە ڕاستی هەمیشە لە ڕێگەی زمانەوەیە، بەو مانایەی ئێمە لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین ڕاستییەکانی واقعی ئێستا بزانین، ئەمەش بە واتای ئەوەیە زمان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە دروستکردنی واقعی کۆمەڵایەتیی هەنووکە.
ڕەگوڕیشەی چەمکی شیکاری گوتار دەگەڕێتەوە بۆ زانستی زمانناسی لە کۆتاییەکانی ساڵی 1979دا، کۆمەڵێک زمانەوان لەوانە هەریەک لە فولەر(Roger Fowler,1938-1999)، هۆدج(Bob Hodge 1940..)، کرس(Gunther Kress,1940-2019 )و ترۆ( Tony Trew,1941.. )لە زانکۆی ئیست ئەنگلیا( University of East Angila ) لە لێکۆڵینەوەکەیاندا لەسەر بەکارهێنانی زمان و ڕێبازێکی

زمانەوانی چەمکی گوتار و شیکاری گوتار لە کتێبە بەناوبانگەکەیاندا بە ناوی (زمان و کۆنترۆڵ ،١٩٧٩) ئەم زاراوەیان بەکار هێناوە کە مەبەستیشیان ئاشکراکردنی پەیوەندییە شاراوەکانی هێز و پرۆسە ئیدیۆلۆژییەکان بوو لە واتا زمانەوانییەکاندا ( Fowler et.al., 2019: 4).

شیکاری گوتار وەکوو شێوازێک لە میتۆدی نوی بۆ توێژینەوەکانیان لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی و دەروونناسی ئیداری و زمانناسی و ئەنترۆپۆلۆژی و زانستی سیاسیدا بەکار هاتووە. شیکاری گوتار، وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە، میتۆدێکی نوێیە بۆ شیکردنەوەی تێکست و نووسین و وانە و دەستنووس و بیرەوەری و چاوپێکەوتن و وتار و ... هەموو ئەو شتانەی لە زمانەونیدا بەکار دێت. سەرەتاکانی میتۆدی شیکاری گوتار دەگەڕێتەوە بۆ زانستی میدیا، کە لە بنەڕەتیشدا بناغەیەکی زمانەوانی هەیە (عقیلی، حقیقت، ٢٠١٠: ١٧٠). خاڵێکی گرنگ کە نابێت لەبیر بکرێت ئەوەیە کە هەرچەندە شیکاری گوتار لە زمانناسیدا گەشەی کرد، بەڵام هەر زوو ئەو سنورەی بڕی. فێرکلاف ئاماژە بەوە دەکات کە لەبەر فرەڕەهەندبوونەکەشی هەر زوو وەک میتۆدێکی چۆنایەتی لەلایەن کایە جۆراوجۆرەکانی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕاگەیاندن و زمانناسییەوە پێشوازی لێکرا. (فەریق، ٢٠١٨: ٢٦)

چۆمسکی پێی وابوو کە لە کاتی باسکردنی زماندا تەنیا فۆرم و ناوەڕۆک لەبەرچاو دەگیرێت و کارکردە کۆمەڵایەتییەکانی لەبەرچاو ناگیرێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە تیۆرییە کۆمەلایەتییەکاندا زمان (گوتار)، بەتایبەت هەریەک لە فوکۆ و هابرماس لە پەیوەندییان بە زمان و گوتارەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گوتار (زمان) وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی واقعی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی هێز بۆ پاڵپشتیی دەسەڵات. بە هەمان شێوە هەریەک لە گرامشی و ئاڵتۆسەر کاریگەربوون بە هێزی زمان لەسەر ئایدیۆلۆژی و پێیان وابووە کە ئایدیۆلۆژی بەشێکە لە هەستی هاوبەش و لە ئەنجامدا بەشێک لە کرداره کۆمەڵایەتییەکان و کارکردە زمانەوانییەکان لە ناوەڕۆکدا خاوەن هێزێکی ئایدیۆلۆژین.

**٥. ٤ گوتار و زمان وەک کردە کۆمەڵایەتییەکان( Language , Discourse & social practice)**

نۆرمەن فێرکلاف یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی بواری شیکاری ڕەخنەیی گوتار، لە دیدی ئەودا شیکاری ڕەخنەیی گوتار میتۆدێکە لەپاڵ میتۆدەکانی تردا بەکار دێت بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان (آقاگل‌زادە، غیاثیان، ٢٠٠٤: ٣٩). شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای فێرکلاف هەم میتۆدە و هەم تیۆری بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە زمانەوانی و کولتوورییەکانی گوتار لە کۆمەڵگەدا. یۆرگنسن و فیلیپس(Marianne Jorgensen & Louise J. Phillip) پێیان وایە کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار یەک پاکێجییە لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا واتا پێویستە توێژەر هەم وەکوو بنەمایەکی تیۆری پشتی پێ ببەستێت و هەم وەکوو میتۆدێک، کە لە هەمان کاتدا میتۆدۆلۆژییەکەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. کە ئەم یەک پاکێجییەش چەند ڕەهەندێک لەخۆ دەگرێت کە بریتین لەمانە:

١- گریمانە فەلسەفییەکان (ئەنتۆلۆژی و ئێپستمۆلۆژی) سەبارەت بە ڕۆڵی زمان لە بنیادنانەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی

٢- مۆدێلە تیۆرییەکان

٣- ڕێنمایی میتۆدی سەبارەت بە چۆنییەتی نزیکبوونەوە لە بواری توێژینەوە

٤- تەکنیکە تایبەتەکانی شیکردنەوە لە شیکاری گوتاردا (Jorgensen and Phillips,2002:3-5)

فێرکلاف ئاماژە بەوە دەکات کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار دەکرێت وەکوو تەکنیکێکی میتۆدی پەنای بۆ ببرێت لە کاتی پێویست بۆ شیکردنەوە زمانەوانی و کولتوورییەکان و پاشان بیگەڕێنینەوە بۆ چوارچێوە تیۆرییەکەی خۆی وەکوو تیۆریی شیکاری ڕەخنەیی گوتار مامەڵەی لەگەڵ بکەین (Wodak and Meyer,2001:121). بەو واتایەی کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار لە یەک کاتدا دەکرێت وەک میتۆدێکی زانستی بۆ شیکردنەوەی کارکردە زمانییەکان و دەرخستنی کاریگەرییەکانی زمان و گوتار پشتی پێ ببەسترێت و لەلایەکی تریش بۆ پاساودان و ڕوونکردنەوەیەکی زانستی وەکوو تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی بۆ خوێندنەوەی کاریگەریی زمان و ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی کە لەنێوان گوتار و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیدا هەیە.

هەر وەک فێرکلاف ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت، شیکاری ڕەخنەیی گوتار دیسیپلینێکی توێژینەوەی جیاوازە و بیردۆزێکی سادە نییە کە بەسادەیی بتوانرێت بەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا جێبەجێ بکرێت. شیکاری ڕەخنەیی گوتار لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاردە و

گۆڕانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا دەکرێت لەگەڵ هەر ڕێبازێکی تری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەماهەنگ بێت. شیکاری ڕەخنەیی گوتار تێڕوانینێکی ڕەخنەییە بۆ ئەنجامدان و گفتوگۆ و قسەکردنێکی بەهەڵوێست و تیشکخستنەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتیش لەسەر ڕۆڵی گوتار لە بەرهەمهێنانەوەی هێز و دەسەڵات کە لە بەرژەوەندیی گروپ و تاقمێکی دەستڕۆیشتووی ناو کۆمەڵگادا، کەوتووەتە گەڕ. شیکاری ڕەخنەیی گوتار پشتیوانیکردنە لە خەباتی ئەوانەی کە دژی نادادی و نەزانی لە کۆمەڵگەدا خەبات دەکەن، واتا تێکەڵییەکی هاودەنگی و هاوهەڵوێستییە لەگەڵ ئەو چەوساوانە کە بە دژی گوتارە زاڵ و بەهێز و چەوسێنەرەکان لە کۆمەڵگادا خراونەتە گەڕ. لەم ڕوانگەشەوە فێرکلاف پێی وایە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار لایەنگیرە و شانازیشی پێوە دەکات (Op.Cit: 122).

فێرکلاف پێی وایە کە گوتار بەتەنها دیاردەیەکی دروستکەر نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا دیاردەیەکی دروستکراو و کارتێکراوە لەلایەن دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە، کە هەر ئەمەشە جیای دەکاتەوە لە ڕێبازی تیۆریی گوتاری پێکهاتەباوەڕەکان و پاش-پێکهاتەباوەڕەکان (ستراکچرالیستەکان و پۆست-ستراکچرالیستەکان). بنچینەی تیۆریکی شیکاری ڕەخنەیی گوتار لای فێرکلاف گوتارە کە چەشنێکی گرنگی پراکتیکی کۆمەڵایەتییە و مەعریفە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی دەسەڵات دەگرێتەوە. فێرکلاف پێی وایە گوتار لە دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ناسنامە و مەعریفە و دەسەڵاتدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت و لە هەمان کاتدا، بە پێچەوانەوە، توانای گۆڕینیشیانی هەیە. کەواتە گوتار پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هەیە (Jorgensen and Philips,2002:65).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا چەند ڕێبازێک هەن کە لە هەرە بەناوبانگەکانیان بریتین لە: تیۆریی گوتاری لاکلاو و موفە، تیۆریی دەروونزانیی گوتاری و تیۆریی شیکاری ڕەخنەیی گوتاری نۆرمەن فێرکلاف. لەناو سەرجەم ئەمانەشدا، تیۆرییەکەی فێرکلاف بەناوبانگتر و کردەییترین ئاراستە و میتۆدە بە بەراورد بە ئاراستە و میتۆدەکانی دیکە. (فەریق، ٢٠١٨: ٣٤) ئەوە سەرەڕای هەندێ جیاوازی لەم تیۆرییانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێ کراوە، چەند خەسڵەتێکی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان تا ڕادەیەک زمانەوانین. کردە زمانەوانییەکان دەقەکان بەرهەم دەهێنن و لە هەمان کاتدا بەکاریشیان دەهێنن. کردەی کۆمەڵایەتی کە بەشداری لە پێکهێنانی جیهانێکی کۆمەڵایەتی، کە شوناسێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تا ڕادەیەک لە ڕێگەی پراکتیزەی زمانەوانی لە ژیانی ڕۆژانەدا (پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەق) بەرهەم دەهێنێتەوە.

٢- گوتار هەم بەرهەمهێنە و هەم بەرهەمهاتوو. گوتار جۆرێکە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی کە هەم جیهانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و هەمیش دروستکراوی پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە. گوتار لە ڕووی دیالیکتیکییەوە گرێدراوە بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە، نەک هەر بەشداری لە دروستکردن و بنیادنانەوەی بنیادی کۆمەڵایەتیدا دەکات، بەڵکوو ڕەنگدانەوەشی هەیە کاتێک باس لەوە دەکرێت کە چۆن پراکتیزە زمانەوانییەکان لە میدیادا بەشدارن لە داڕشتنی فۆڕمە نوێیەکانی سیاسەتدا، ئەوەش لەبەرچاو دەگیرێت کە پراکتیزە زمانەوانییەکانیش لەژێر کاریگەری هێزەکانی کۆمەڵگادان کە سروشتێکی تەواو زمانەوانییان نییە.

٣- بەکارهێنانی زمانەوانی پێویستە بە شێوەیەکی ئەزموونی لەناو زەمینەی کۆمەڵایەتی خۆیدا شی بکرێتەوە.

٤- گوتار کردەیەکی ئایدیۆلۆژییە. شیکاری ڕەخنەیی گوتار بانگەشەی ئەوە دەکات کە کردە زمانەوانییەکان بەشدارن لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی نایەکسانی لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی دەسەڵاتەوە.

٥- شیکاری ڕەخنەیی گوتار خۆی بە بێلایەن نازانێت لە ڕووی سیاسییەوە پابەندە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و لایەنگری گروپە کۆمەڵایەتییە چەوساوەکانە، کە ئامانجیشی دەرخستنی کاریگەرییەکانی زمانە لەڕووی هێز و دەسەڵاتی نایەکسان لە کۆمەڵگادا (Jorgensen and Phillips,2002:61-64).

فێرکلاف پێی وایە کە زمان و گوتار بنیاتنەری ناسنامەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی زانین و بیروباوەڕە. فێرکلاف ڕێبازی خۆی بە 'لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی زمان' ناو دەبات و ئامانجی یەکەم کە زیاتر تیۆرییە، 'یارمەتیدەرە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە هەڵەیەی کە پێی وایە زمان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لە بەرهەمهێنان و پاراستن و گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و

دەسەڵاتدا'. ئامانجی دووەم، کە بریتییە لە 'یارمەتیدانی زیادکردنی هۆشیاری کە چۆن زمان ڕۆڵ دەگێڕێت لە زاڵبوونی هەندێک کەس و گروپ بەسەر هەندێک کەس و گروپی تردا'.

لە ئامانجی دووەمدا، فێرکلاف جەختێکی زۆر لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤەکان دەکاتەوە. بە بڕوای ئەو هۆشیاری یەکەم هەنگاوە بەرەو ڕزگاری، چونکە پێی وایە لە گوتاردا مرۆڤەکان دەتوانن شەرعییەت بە هەندێک پەیوەندیی دەسەڵات بدەن بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بن کە چی دەکەن.

**٥ .٥ دەق و گوتار** (Discourse and Text)

بە بڕوای فێرکلاف زمان کردارێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم بیرکردنەوە چەند چەمکێکی ناڕاستەوخۆ لەخۆ دەگرێت:

ا- زمان بەشێکە لە کۆمەڵگا و لە دەرەوەی کۆمەڵگا نییە.

ب- زمان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە؛

ج- زمان مەرجدارە بە پرۆسەی کۆمەڵایەتی، واتە لەلایەن بەشە نازمانییەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە مەرجدار کراوە. (Fairclough,1989:22)

لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر زمان ئەنجام دەدرێن، بەشێکیان مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگا دەکات وەک ئەوە وایە ئەم دووانە دوو شتی سەربەخۆ بن کە ناوبەناو کارلێکییان لەسەر یەکتر هەیە. بە بڕوای فێرکلاف ئەم پەیوەندییە دەرەکی نییە بەڵکوو ناوەکییە. 'زمان بەشێکە لە کۆمەڵگا. دیاردە زمانەوانییەکان دیاردەی کۆمەڵایەتی تایبەتن. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان (تا ڕادەیەک) دیاردەی زمانەوانین.' (Op.Cit:23)

یەکەم چەمک لێرەدا (دیاردە زمانییەکان دیاردەی کۆمەڵایەتین) واتای ئەوەیە کە لە هەر کات و لە هەر شوێنێکدا مرۆڤ زمان بەکار بهێنێت (قسەکردن، گوێگرتن، خوێندنەوە یان نووسین)، لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگا و ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەدایە کە بەڕێوەی دەبەن. تەنانەت کاتێک مرۆڤەکان لەناو بنەماڵەکانیشیاندا پابەندن بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانیان و پەیوەندییەکانیان لە کاتی قسەکردندا و زمان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. خاڵی گرنگ و بەرچاو لە ڕوانگەی فێرکلافەوە ئەوەیە کە هەموو دیاردە زمانەوانییەکان کۆمەڵایەتین، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە. بۆ نموونە کاتێک باس لە مانای وشە سیاسییەکانی وەک دێموکراسی، ئیمپریالیزم یان تیرۆر دەکەین توخمە زمانەوانییەکان بەکار دەهێنین بەڵام ئەمە تەنها بەشێکە لە تەواوی سیاسەتەکە. کەواتە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگا یەکسان و یەکبەیەک نییە بەڵکوو کۆمەڵگا کۆیەکە و زمان بەشێکە لێی.

دووەم چەمک، زمان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە. فێرکلاف پێی وایە لە سەرەتادا پێویستە دەق و گوتار لە یەکتر جیا بکەینەوە. دەق لای ئەو دەقی وتراو و نووسراو لەخۆ دەگرێت. فێرکلاف پێی وایە دەق بەرهەمێکە نەک پرۆسەیەکی بەرهەمهێنان. بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق فێرکلاف زاراوەی گوتار بەکار دەهێنێت. بۆ ئاماژەکردن بە تەواوی پرۆسەی کارلێکیی کۆمەڵایەتی، کە دەق تەنها بەشێکە لێی، فێرکلاف سێ توخم بۆ گوتار لەبەرچاو دەگرێت کە بریتین لە:

ا- دەق( Text)

ب- کارلێکیی کۆمەڵایەتی (Social Interaction)

ج- کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی (Social context)

پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی جگە لە خودی دەقەکە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق و پرۆسەی لێکدانەوە لەخۆ دەگرێت. دەق ئاماژەیە بۆ ئەم لێکدانەوەیە. هەروەها بە پشتبەستن بە بەشەکانی نێوان دەق و گوتار، شیکردنەوەی دەق بەشێکە لە شیکاری گوتار. لە ڕوانگەی شیکاری گوتارەوە، تایبەتمەندییە فەرمییەکانی دەق لە لایەک وەک شوێنەواری پرۆسەی بەرهەمهێنان و لە لایەکی ترەوە وەک ئاماژەیەک لە پرۆسەی لێکدانەوە سەیر دەکرێت.

**٦ .٥ زمان و گوتار، هێژمۆنی و ئایدیۆلۆژی**

ئایدیۆلۆژی و هێژمۆنیی گوتار (**Ideology and hegemony of discourse**)

گوتار و ئایدیۆلۆژی دووانەیەکی لە یەک دانەبڕاون، هێژمۆنیش هاوکات لەگەڵ ئایدیۆلۆژی دەستەملانن. بەبێ ئەم سێ کوچکەیە هەر هەوڵێک بۆ شیکاریای ڕەخنەیی گوتار کرچوکاڵ دەنوێنێت (فەریق، ٢٠١٨: ٤٢). فێرکلاف پێی وایە کە ئایدیۆلۆژی ئامرازێکی واتایە

بە دەست دەسەڵاتەوە و لە پێناو خزمەتکردن بە خۆی بەکاری دەهێنێت، ئەمەش بە هاوکاریی گوتار هەوڵی سەپاندنی هێژمۆنیی دەسەڵات دەدات لە کۆمەڵگادا. کەواتا دەتوانرێت بوترێت کە گوتارەکان بارگاوین بە ئایدیۆلۆژی لە پێناو سەپاندنی هێژمۆنیی دەسەڵات. ئایدیۆلۆژیش بە بۆچوونی فێرکلاف بریتییە لە 'واتا لە خزمەتی دەسەڵاتدا' (Fairclough,2003:10). لێرەوە دەتوانین بڵێین کە هەر دەق و گوتارێک هەڵگری ئایدیۆلۆژییەکە کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانە لە کۆمەڵگادا جا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی سیاسی بێت یاخود کۆمەڵایەتی، زانستی بێت یان ئاینی، کە ڕۆڵیان هەیە لە دامەزراندن و هێشتنەوە و پاراستنی پەیوەندی دەسەڵات و هێژمۆنی و زاڵبوونی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا. کەواتە دەق و گوتار توانای ئاراستەکردنی ڕەفتار و گوفتاری تاکەکانی کۆمەڵگای هەیە بە گوێرەی ویستی ئایدیۆلۆژیی ئاراستەکراوی دەقەکان.

ئەوەی لای فێرکلاف جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بە بایەخەوە لە زمان، دەسەڵات و ئایدیۆلۆژی لە شیکاریای ڕەخنەیی گوتاردا دەڕوانێت و پێی وایە لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و نایەکسانیی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، واتە گرنگیدان بە پەیوەندییە دیالێکتیکییەکانی نێوان گوتار و دەسەڵات و ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر پەیوەندییەکانی دیکە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و توخمەکانی ئەو پەیوەندییانەدا هەیانە لەبەرچاو دەگرێت و گرنگی زۆری پێ دەدات. هەروەها شیکاری ڕەخنەیی گوتار وەک 'واتایەک کە خزمەت بە دەسەڵات دەکات' ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژی دەگرێت و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، واتە ڕێگاکانی نوێنەرایەتیکردنی لایەنەکانی جیهانی کۆمەڵایەتی کە دەبنە هۆی دروستبوون یان بەردەوامبوونی پەیوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵات. فێرکلاف پێی وایە کە دەسەڵات و پەیوەندیی چینایەتی لە کۆمەڵگادا پەیوەستە بە شیکردنەوەی ئیدیۆلۆژییەوە، چونکە ئیدیۆلۆژییەکان توخمێکی گرنگن لەو پرۆسانەی کە لە ڕێگەیانەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پارێزگاری لە یاساکان و گۆڕینیان دەکات. بەو پێیەی شیکردنەوەی ئیدیۆلۆژی پەیوەستە بە شیکاری گوتار، لێرەدا ئیدیۆلۆژی دەبێتە تەوەرەیەکی گرنگ بۆ شیکاری ڕەخنەیی گوتار (Op.Cit26). فێرکلاف پێی وایە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتی ئایدیۆلۆژی گوتاری باڵادەست، توانای سروشتیکردنی ئایدیۆلۆژییەکانە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆیان وەک باوەڕ و هەستی هاوبەش (Fairclough,2010:30). بۆیە دەتوانرێت سروشتیبوون بەکار بهێنرێت بۆ وەسفکردنی پرۆسەیەک کە لەم ماوەیەدا گوتارەکانی سەر بە چینێک یان گروپێک دەبنە گوتاری باڵادەست (Baker & Ellece, 2011: 74).

ئەو هەستە کۆمەڵایەتییەی کە پێی وایە هەموو شتەکان پێویستیان بە ڕێکخستن و کردەیەکی هاوبەشە، واتا بەو شێوەیەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەناو کۆمەڵگادا لە بارودۆخێکی ئاساییدا بن. هەر بۆیە فێرکلاف ڕایدەگەیەنێت کە ئامانجی سەرەکیی شیکاری ڕەخنەیی گوتار ڕەخنەگرانەیە، واتە دەبێت ناساندن و ناسروشتیکردنی ئەو ئایدیۆلۆژییەی کە بە سروشتی کراوە، بکاتە ئەرکی خۆی و پێی وایە کە ئەم سروشتیکردنەی ئایدیۆلۆژییە ناسروشتییەکان پێویستی بە ئاشکراکردن هەیە. لێرەوە فێرکلاف پێی وایە کە پێویستە شیکاری گوتار تەنها لە چوارچێوە وەسفییەکەدا نەمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت ئامانجێکی گەورەتری هەبێت، ئەویش ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی کاریگەرییە گوتارییەکانە بە شێوەیەکی ورد. بە بۆچوونی فێرکلاف لێرەدا پێویستمان بە جۆرێک لە شیکاری گوتار هەیە کە ئامانجی ڕەخنەیی هەبێت؛ بە جۆرێک کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار ئامانجی ڕوونکردنەوەی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی گوتار و گرینگیدان بە بارودۆخە دەستبەجێیەکان و دواترییەکانیشی بدات. لە لایەکی تریشەوە، یەکێک لەو پرسیارانەی کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدات ئەوەیە کە گوتار چۆن یارمەتیدەرە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتە ماکرۆکان؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە و ڕوونکردنەوەی فێرکلاف سەرنجی لەسەر ئایدیۆلۆژییە و هەر لەبەر ئەمەشە بە پێویستی دەزانێت سێ بابەت بخاتە ڕوو کە ئەمانەن:

یەکەم- ئایدیۆلۆژی و پراکتیکە ئایدیۆلۆژییەکان کەم تا زۆر بەرژەوەندیی چینێکی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت کە سروشتی دەردەکەوێت.

دووەم- ئایدیۆلۆژی و کردارە ئایدیۆلۆژییەکان کە سروشتی دەردەکەون، بەم شێوەیە دەبنە بەشێک لە 'مەیدانی مەعریفە'ی هاوبەش کەوا گریمانە دەکرێت ئاساییە و لە کردەی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکتردا بەکار دێت، هەر بۆیەشە ئەمە دەبێتە 'ڕێکخستن'ی کردەی هاوبەش بۆیە پشتی پێدەبەسترێ لە پەیوەندییەکاندا.

سێیەم- بەم شێوەیە، ڕێکخستنی کردارە هاوبەشەکان، وەک ڕووداوی خۆجێیی و بچووک، لە ئاستێکی باڵاتردا وابەستەی 'ڕێکخستن' دەبێت، واتە کۆدەنگییەک کە لەسەر دۆخ و کردارە ئایدۆلۆژییەکان دروست دەکات( Fairclough,2010:37).

**٧. پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشوو** Literature Review

لەم بەشەدا بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لەسەر ئەم تیۆرییە بۆچوونی تیۆریستە جیاوازەکانی بواری شیکاری ڕەخنەیی گوتار دەخەینە ڕوو.

ڤان دایک (..Teun A. Va Dijk,1943) یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە شوێن پەنجەی دیارە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا. ناوبراو پێی وایە میدیا و سیاسەت لە نزیکەوە پەیوەندییان هەیە وەک ئەوەی میدیا فیکر و ئیدیۆلۆژی نوخبە بڵاو دەکاتەوە. ڤان دایک گوتاری میدیا بە داکۆکیکار لە سیاسەتی نوخبە و هێژمۆنی وەسف دەکات و پێی وایە ئەیدیۆلۆژیی چینی زاڵ و دەسەڵات و دەوڵەت هەمیشە ئەو زمانە (گوتارە) پەسەند دەکات کە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە بەکار دێت، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە پێی وایە زمان (گوتار) وەک ئامرازێک بۆ پیادەکردنی دەسەڵات بەکار دێت (Wodak & Meyer,2001:96).

ڤان دایک پێی وایە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار قسەکردنە لەسەر دەرخستنی نایەکسانی و هێژمۆنیی دەسەڵات و گروپە دەستڕۆیشتووەکان و جیاکاری ڕەگەزی کە لە ئەنجامی کردەی گوتارەوە بەرهەم دێت لە کۆمەڵگەدا. ڤان دایک دەیەوێت لە ڕێگەی شیکاری ڕەخنەیی گوتارەوە تیشک بخاتە سەر زێدەڕەوی کردە زمانەوانییەکان کە لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی کردەی زمانەوانی و گوتارەوە بەرهەم دێن(Hamilton et.al., 2001: 352).

یەکێکی تر لەو زانا و بیرمەندانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پێشخستن و برەودان بە تیۆری شیکاری گوتار و دەرخستنی کاریگەرییەکانی گوتار بە پشتبەستن بەو بەستێنە مەعریفییەی کە هەیەتی لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی، زانای زمانەوانی بەریتانی نۆرمەن فێرکلافە (..Norman Fairclough,1941). فێرکلاف یەکێکە لە کاریگەرترینی ئەو بیرمەندانەی کە کاری لەسەر شیکاری ڕەخنەیی گوتار کردووە و بە شێوەیەکی ورد و ئەکادیمی کاریگەرییەکانی کارکردە زمانەوانییەکانی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەرخستووە، کە لە تیۆریی شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت شیکاری ڕەخنەیی گوتار جۆرێکە لە شیکردنەوەی گوتار کە تیشکخستنەسەر گوتار وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەلایەک و دەرخستنی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانە. هەروەها دەرخستنی کاریگەرییەکانی گوتار لەسەر بیروبۆچوونی خەڵک سەبارەت بە ئایدیۆلۆژی و هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا و ئاشکراکردنی کردە زمانییەکان لە سەرخستن و هێشتنەوەی هێز لەناو خەڵک کە لە ڕێگەی کردەی زمانەوە تێڕوانینی خەڵک لەسەر پەیوەندییە ئایدیۆلۆژییەکانی هێزی شێوەپێدراو ئاشکرا دەکات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن هێز لە کۆمەڵگەیەکدا لە ڕێگەی هەڵوێستی هەژموونی و دەقی ئایدیۆلۆژیی نوخبەوە پیادە دەکرێت. (Fairclough,1992: 33-34) ڤان دایک و فێرکلاف پێیان وایە کە زمان پراکتیزەی دروستکردنی هێز و هەژموونی زاڵبوونە و کاریگەری هەیە لەسەر تەواوی کردارە کۆمەڵایەتییەکان.

بە بۆچوونی هەریەک لە براون(..Gillian Brown,1937) و یول ( ..George Yule,1947) زمان تەنیا بۆ وەسفی شتەکان بەکار ناهێنرێت، بەڵکوو وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامدانی شتەکانیش بەکار دەهێنرێت. ئەوان پێیان وایە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار دەقی کردەیی زمان لە چوارچێوەیەکی ڕاستەقینەدا شیدەکاتەوە و کاریگەرییە کولتوورییەکانی زمان و بەستێنە کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی و تەکنیکییەکانی قسەکەرەکانی دەخاتە ڕوو (Brown & Yule,1983:73).

تێڕوانینی هالیدەی( Michael Halliday,1925-2018) سەبارەت بەم چەمکە هەمان ئەو چەمکەیە کە زمان بە کردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە خەڵک لە ڕێگەی کردەی زمانەوە پەیوەندی دەبەستن. چەمکی زمان و کۆمەڵگا دوو چەمکن کە ڕاستەوخۆ بە یەکەوە گرێدراون. زمان (دەق) شێوەپێدەر و دروستکەری ناسنامەی ئێمەیە لە کۆمەڵگادا .(Halliday,1978:1)

بلۆممارت(Jan Blommaert,1961-2021) پێی وایە کە دەرکەوتنی شیکاری ڕەخنەیی گوتار وەکوو تیۆرییەکی سۆسیۆلینگویستیک دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی کاریگەییەکانی تیۆرییە زمانەوانییەکان لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تیۆرییەکانی هەریەک لە فوکۆ و بۆردیۆ و هابرماس. (Blommaert,2005:22).

بە بۆچوونی جۆرگینسن و فیلیپس تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتار تیۆرییەکی فراوان و گشتگرە لە بواری زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و تیشک دەخاتە سەر کاریگەری کردە زمانەوانییەکان (گوتار) لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ زمان (گوتار) و کاریگەریی کردە زمانەوانییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەدا. ئامانجی شیکاری ڕەخنەیی گوتاریش دەرخستنی کاریگەرییە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گوتارە لە کۆمەڵگادا. (Jorgensen and Phillips, 2002: 60)

گی(..James Paul Gee,1948) ئەوەی خستە ڕوو کە پێویستە هەموو شیکاریەکانی گوتار ڕەخنەگرانە بێت، نەک لەبەر ئەوەی شیکاریەکانی گوتار سیاسین، بەڵکوو خۆی لەخۆیدا زمان سیاسییە. گی پێی وایە هەر بەکارهێنانیکی زمان مانای تایبەتی خۆی هەیە لەو کایەی کە تێیدا بەکار دەهێنریت. وەسفێکی تەواو بۆ بەکارهێنانی هەر زمانێک دەبێت مامەڵە لەگەڵ سیاسەت بکات. لەو دیو ئەم خاڵە گشتییەوە زمان ڕێگایەکی سەرەکییە کە ئیمەی مرۆڤ دروستی دەکەین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شتە کۆمەڵایەتییەکان( Gee,2011: 9).

فاولەر (Roge Fowler,1939-1999 ) و کریس (Gunther Kress) دەڵێن شیکاری ڕەخنەیی گوتار تێڕوانینێکە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانین و هەستانەوەی هۆشیارانەی خەڵک سەبارەت بە هەر گوتارێک لە چوارچێوەی کولتووری کۆمەڵایەتیدا کە پێویستە توێژەر تیشکی بخاتە سەر (Fowler et.al,2019: 196).

وۆداک (..Ruth Wodak,1950 ) و مایەر (..Michael Meyer,1957 ) زاراوەی 'ڕەخنەیی' لە شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا وەک شیکردنەوە و تێگەیشتنی زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە ئاماژە پێ دەکەن. شیکاری ڕەخنەیی گوتار تیشک دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییە سیاسی-کۆمەڵایەتییە فراوانەی کە لە ڕێگەی کردە زمانەوانییەکانەوە بەرهەم دێت. چونکە ئەو بنەمایە ئیدیۆلۆژی و ناسنامەیە ڕەنگ دەداتەوە کە لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەکرێن و بەرهەم دەهێنرێت. وۆداک و مایر پێیان وایە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار پەردە لەسەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات و کردە کۆمەڵایەتییەکان لا دەدات و ڕەخنەیان لێدەگرێت (Wodak and Meyer,2001: 2-3.). کارۆل پێی وایە کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار دوو ڕەهەندمان دەخاتە بەردەست بۆ شیکردنەوەی دەق یان گوتار کە هەم وەکوو چوارچێوەیەکی تیۆریی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلینگویستیک) کار دەکات و هەم وەک چوارچێوەیەکی میتۆدی. تایبەتمەندی سۆسیۆلۆژی پەیوەندی بە لایەنی کرداریی زمانەوە هەیە لە بنیاتنان و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی تایبەتمەندی زمانەوانی لە گوتاردا و دەرخستنی کاریگەرییەکانی هەژموونی هێز لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. شیکاری ڕەخنەیی گوتار بە سەرنجدان لە کردە زمانەوانییەکانی دەق و گوتار بەکارهێنانی هێز و هەڵوێستی هەژموونی شی دەکاتەوە (Sipra and Rashid,2013: 30).

### ٨. هەنگاوەکانی شیکاری ڕەخنەیی گوتار:

زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار بۆ شیکاری چوارچێوەیەکی میتۆدۆلۆژی و تیۆری یەکگرتوو نییە. پاشان شیکاری گوتار وەک ڕوانگەیەکی هاوبەش سەیر دەکرێت کە کۆمەڵێک دیسیپلینی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت. ئەو هەنگاوانەی کە لە کاتی شیکردنەوەی زمانی نووسراودا پەیڕەو دەکرێن و بەکار دەهێنرێن سێ هەنگاوی بنەڕەتین کە هەریەکەیان کۆمەڵێک هەنگاوی لاوەکی لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە: وەسفکردن، ڕاڤە، ڕوونکردنەوە. واتا وەسفی دەق، ڕاڤەی پەیوەندیی نێوان دەق و مامەڵە و کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی. (ڕەفیق، ٢٠١٨: ٤٥)

#### ١.٨ هەنگاوی یەکەم: شیکردنەوەی دەق

دەق یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکان و ناوەند بۆ شیکردنەوە لەسەر مۆدێلی فێرکلاف. شیکردنەوەی دەقە کە بە توندی بەستراوەتەوە بە شیکردنەوەی زمان کە لەلایەن خەڵکەوە بەکار دێت بۆ پەیوەندی و ڕێکبەندە ڕاستەقینەکان.
شیکردنەوەی دەق بریتییە لە شیکردنەوەی بژاردەکانی وشەناسی، پەیوەندی، پێکەوەبوون و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی ستایلی کە سەرنج دەخاتە سەر بابەتی تایبەت و تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانی بیرکردنەوەی قسەکەر( Sipra and Rshid, 2013: 30).

شیکردنەوەی دەق لە ئاستی وەسفکردندا. کە خۆی لە دە پرسیاری سەرەکیدا دەبینێتەوە، واتا ئەو پرسیارانەی کە دەکرێ سەبارەت بە دەقێک بکرێ، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت وەکوو تایبەتمەندی سەیری ئەم دە پرسیارە بکرێت. چونکە فێرکڵاف وەک تایبەتمەندی ئاماژە بەم دە پرسیارە دەکات.

فێرکڵاف دە تایبەتمەندی شیکاری گوتاری خستە ڕوو کە بریتین لە:

ا- وشەکان

١- وشەکان خاوەنی کام بەهاگەلی ئەزموونین؟

چ جۆرە پەیوەندییەکی واتایی (هاوواتایی، هاوبەشیی واتایی، دژیەکیی واتایی) لەڕووی ئیدیۆلۆژییەوە واتادار لەنێوان وشەکاندا بوونی هەیە؟

مەبەست لە سەرجەمی ئەم پرسیارانە گەڕانە بەدوای ئەم وەڵامەی کە چۆن ئیدیۆلۆژییە جیاوازەکان لەنێوان دەقەکاندا لەسەر ئەو ڕەنگدانەوە جیاوازانەی کە لەسەر جیهان دەیخەنە ڕوو لەناو وشەکاندا سیمبولیک دەبن.

٢- وشەکان خاوەنی چ جۆرە بەهاگەلێکی پەیوەندین؟

ئایە دەستەواژەگەلێک بوونیان هەیە کە بەڵگە بن لەسەر دەربڕینی باش؟

کە ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەکارهێنانی وشەکان لە چوارچێوەی دەقدا کاریگەرن و دەرخەری پرۆسەی ململانێ و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە بە شێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگادا. (Fairclough,1992: 190)

٣- وشەکان خاوەنی چ بەهایەکی دەربڕینن؟

٤- لە دەقەکاندا چ جۆرە دەستەواژەیەک بەکار هاتووە؟

دەستەواژەکان لە دەقێکدا لەڕووی چەندی و چۆنییەوە ئاماژەی پێدەکرێت. فێرکڵاف پیی وایە کە دەستەواژە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پێکەوە گرێدراون لە گوتارە ڕەسمییەکانی وەک داکۆمێنتە ڕەسمی و بڵاوکراوە ڕۆژنامەوانی و ڕاپۆرتە تەلەفیزیۆنی و چاپەمەنییەکاندا کە ئەم دەستەواژانە کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی (Fairclough,2003: 216).

ب- ڕێزمان **Grammar**

٥- ڕێزمان یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە فێرکڵاف لە شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا ئاماژەی پێدەکات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەلایەنی ڕێزمانی ڕستەی دەقەکان بکرێت لە ڕووی بکەری دیار و بکەری نادیار، ڕابردوو و ڕانەبردوو، ئەرێنی و نەرێنی. (Locke,2004: 50).

٦ - تایبەتمەندییە ڕیزمانییەکان خاوەن کام بەهاگەلی پەیوەندین؟

سوود لە کام لایەنی 'هەواڵی، پرسیاری، ئەمری' وەرگیراوە؟

ئایا سوود لە ڕاناوە سەربەخۆکان وەرگیراوە لە دەقەکاندا و چۆن بەکار هاتوون؟

٧- تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان لە دەقەکاندا خاوەنی کام بەهاگەلی دەربڕینن؟

٨- ڕستە سادەکان چۆن بە یەکەوە بەستراونەتەوە؟

ئامرازەکانی پەیوەندی چ جۆرێکن؟

بۆ گەڕانەوە بۆ ناوەوە و دەرەوەی دەق چ ئامرازگەلێک بەکار هاتوون؟

ج) پێکهاتەی دەقی

٩ - چ جۆە ڕێککەوتنگەلێکی مامەڵەیی بەکار هاتووە؟ مامەڵە لێرەدا زیاتر مەبەستی پەیوەندییە.

ئایا دەرچەیەک بوونی هەیە کە لە ڕێگەیەوە بوار بە بەشداربوو بدرێت کۆنترۆڵی قسەکردنی ئەوانیتر بکات؟

١٠- دەق خاوەنی چ جۆرە پێکهاتەیەکی بەرفراوانە؟ (Fairclough,1992: 181)

### ٨.٢ هەنگاوی دووەم: ڕاڤە

ئەم هەنگاوە لەدوای هەنگاوی یەکەمەوە کە وەسفە دەست پێ دەکات، هەنگاوی ڕاڤەکردن هەم پرۆسەکانی بەشداربووانی گوتار و هەم ڕاڤەی دەق لەخۆ دەگرێت. بە بۆچوونی فێرکڵاف ئاوێتەیەکن لە ناوەرۆکی خودی دەق و هزری خودی ڕاڤەکار،

مەبەستی لە پاشخانی مەعریفی ڕاڤەکار لە ڕاڤەی دەقەکەدا بەکاری دەهێنێت. لە ڕوانگەی ڕاڤەکاریشەوە تایبەتمەندییە فۆرمییەکانی دەق لەڕاستیدا وەک سەرەداوگەلێکن کە ڕەگەزەکانی پاشخانی مەعریفەی زەینی ڕاڤەکار چالاک دەکەن و ڕاڤە بەرهەمی پەیوەندی بەرامبەرکێ و دیالێکتیکی سەرەداوەکان و پاشخانی مەعریفەی زەینی ڕاڤەکار دەبێت کە دەکرێت ناوی شێوازەکانی ڕاڤەیشی لێ بنرێت.

ڕاڤە لە چەند ئاستێک پێکهاتووە کە ئەم ئاستانەش هەر یەکێکیان بۆ خۆی هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە ڕاڤەیەکی دروست بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات زیاتر لە قۆناخی کۆتای توێژینەوەکە کە بریتییە لە ڕوونکردنەوە نزیک ببینەوە. بە کورتی ئاستەکان بریتین لە:

١- ڕواڵەتی ئاخاوتن

لەم قۆناغەی سەرەتادا پرۆسەیەک دەست پێ دەکات کە تێیدا ڕاڤەکار کۆمەڵێک لە نیشانە و دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ وشە، دەستەواژە و ڕستەی دیاریکراو. لێرەوە ڕۆڵی پاشخانی مەعریفی ڕاڤەکار بەدیار دەکەوێت.

٢ - واتای ئاخاوتن

ئەم ئاستەش بریتییە لە پێدانی واتا بە بەشەپێکهێنەرەکانی دەق، کە فێرکلاف ناویان دەنێت کلام.

٣- یەکڕیزی یان ڕیزبەندی بابەتی

مەبەست لێرەدا بەرقەراری یەکڕیزی تێکڕای بەشەکانی دەقێک نییە، بۆ نموونە تێکڕای بەشەکانی وتارێک یان گفتوگۆیەکی تەلەفیزیۆنی ،بەڵکوویەکڕیزی بەشێکی دیاریکراو لە دەق .

٤- سترەکچەری کرۆکی دەق چۆنییەتی پەیوەندی بەشەکانی یەکڕیزی دەق.

٥- قۆناغی پێنجەم سەرنج دەخاتە سەر کۆنتێکستی دۆخی جۆری گوتار

کە ئەویش خۆی لە چەند پرسیاری سەرەکیدا دەبینێتەوە. پرسیارەکانیش بریتین لە: چی ڕوویداوە؟ چ کەسانێک تێیدا بەشدارن؟ پەیوەندی نێوانیان چییە؟ ڕۆڵی زمان لەبارەی پرسیاری یەکەمەوە چییە؟ پرسیاری چی ڕوویداوە؟ بۆ سێ بەشی چالاکی، ناونیشان و ئامانج جیا دەکرێتەوە. پرسیاری دووەم باس لە پەیوەندی نێوان ئەو کەسانە دەکات کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و بەدوای شوێنگەی بکەرەکانەوە دەگەڕێن. هەروەها ئەو دامەزراوانەی کە شوێنگە جیاوازەکان پەیوەستن بە هەریەک بە بکەرەکان، شوێنگەکانی بێژەری و بیسەری ،بۆ نموونە، قسەکەر، گوێگر. پرسیاری سێیەمیش وەک ئاشکرایە پشت بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. ڕۆڵی زمانیش وەک ڕوونە ئامڕازێکە بۆ بەرجەستەکردنی بەشێک لە ئامانجی دامەزراوەیی یان ئیداری.

بە کورتی ئەوەی سەبارەت بە ڕاڤە باسکرا دەکرێ لە سێ پرسیاردا کە لە هەر جۆرە گوتارێکدا دەخرێنە ڕوو پوختی بکەینەوە:

یەکەم- زەمینە یان کۆنتێکست: ڕاڤەی بەشداربووانی گوتار لە زەمینەی دۆخی یان نێوان دەقی چییە؟

دووەم- جۆرەکانی گوتار: چ جۆر لە گوتار بەکار دەهێنرێت و ( لە ئەنجامدا، کام ڕێسا، سیستەم و بنەما لە بواری سیستەمی دەنگی، ڕێزمان، یەکڕیزی ڕستەیی، وشەکان، سیستەمەکانی واتا یان بەکارهێنان، بەکار دەهێنن؟

سێیەم- جیاوازی و گۆڕانکاری: ئایە وەڵامی بەشداربووە جیاوازەکان، بۆ دوو پرسیاری یەکەم و دووەم جیاوازە؟ ئایە ئەم وەڵامانە لەماوەی مامەڵەی ئەواندا گوڕانی بەسەردا دێت؟

**٨.٣ هەنگاوی سێیەم: ڕوونکردنەوە**

بۆ ئەوەی لە قۆناغی ڕاڤەوە بچینە قۆناغی ڕوونکردنەوە وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە گرنگە کە ڕاڤە بایەخی زۆر بە چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە پاشخانی مەعریفی بۆ داڕشتنی گوتار دەدات، بەڵام ڕوونکردنەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیکەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری پاشخانی مەعریفی هەڵبەت بەرهەمهێنانەوەی ئەم مەعریفەیە لەناو پرۆسەی کردەی گوتاریدا.

ئامانج لە هەنگاوی ڕوونکردنەوە وەسفکردنی گوتارە وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی، ڕوونکردنەوەی گوتار وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی وەسف دەکات و پیشانی دەدات کە چۆن سترەکچەرە کۆمەڵایەتییەکان گوتار دەستنیشان دەکەن. هەروەها کار لەسەر ئەوەش دەکات کە ئەو گوتارانە چ کاریگەرییەک لەسەر بەرهەمهێنانەوەی سترکچەرەکان دادەنێن کە ڕەنگە ئەم سترەکچەرانە بگۆڕێن یان وەک خۆیان بیانهێڵنەوە. پاشخانی مەعریفی خاڵی پێکەوەبەستنی دیتێرمینی کۆمەڵایەتی و ئەم کاریگەرییانەیە. بەو

واتایەی کە سترەکچەرەکان فۆرم بە باگراوەندی مەعریفی دەدەن. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە مەبەست لە سترەکچەرە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە و ئامانج لە پرۆسەکان و کردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو پرۆسە و کردارانەیە کە پەیوەستن بە خەباتی دەسەڵاتەوە. کەواتا ڕوونکردنەوە بریتییە لە بینینی گوتار وەک بەشێک لە پرۆسەی خەباتی کۆمەڵایەتی لە دۆخی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا. (فەریق، ٢٠١٨: ٥١)

ئەم پەیوەندییەی دەسەڵات و خەباتی کۆمەڵایەتی و گوتار دەکرێت لە دوو ڕەهەندەوە سەیر بکرێت: یەکەم، دەکرێت گوتار وەک بەشێک لە خەباتی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت و لەناو دەقێکی بەرفراوانتردا بخرێتە ژێر وردبینییەوە کە لێرەوە پەیوەندی ئەم خەباتەش لەسەر سترەکچەرەکانیش دێتە گۆڕێ. لەلایەکی ترەوە ئەوە پیشان بدرێت کە کام پەیوەندی دەسەڵاتە کە گوتارەکە دیاری دەکات و خودی ئەم پەیوەندییانە دەرهاویشتەی خەباتی کۆمەڵایەتین و لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان لەناو دەسەڵاتدان سەرهەڵدەدەن. کاریگەرییە کۆمەڵایییەتییەکانی گوتار و هۆکارە کۆمەڵایەتییە دیاریکەرەکانی گوتار دەبێت لە سێ ئاستی (کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی و دۆخی) تاوتوێ و شەنوکەو بکریت.

فێرکلاف ئاماژە بەوە دەکات کە هەنگاوی ڕوونکردنەوە پێویستی بە وێناکردنی گۆشەنیگایەکی تایبەت سەبارەت بە پاشخانی مەعریفییە، کە ئەم گۆشەنیگایانە بە دیاریکراوی وەک ئیدیۆلۆژیگەلێکی جۆراوجۆر هەژمار دەکرێن. ئەمە بەو واتایە دێت کە پێشگریمانەکانی پەیوەست بە کولتوور، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆیان بەشێکن لە پاشخانی مەعریفی، لەلایەن پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە لە کۆمەڵگەدا یان دامەزراوەوە دیاری دەکرێن و لە ڕووی ڕۆڵێکەوە کە لەسەر خەبات لە پێناو گۆڕان یان پاراستنی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە هەیانە لە ڕوانگەیەکی ئیدیۆلۆژییەوە سەیر دەکرێن.

ئێستا دەکریت بە کورتی ئەوەی سەبارەت بە ڕوونکردنەوە گرنگە لەم سێ پرسیارەدا بخەینە ڕوو کە فێرکلاف دەیخاتە ڕوو:

یەکەم) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: چ جۆرێک لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەسەر ئەو ئاستانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ڕۆڵیان لە فۆڕمەلەبوونی گوتاردا هەیە و کاریگەرییان لەسەری هەیە؟

دووەم) بەستێنی مەعریفی کە ڕۆڵی جەوهەری دەبینێت لەم پرۆسەیەدا خۆی لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێک دێت، چ ڕەگەزگەلێک لە پاشخانی مەعریفی خاوەنی تایبەتمەندیی ئیدیۆلۆژین؟

سێیەم) کاریگەری: شوێنگە و کاریگەریی ئەم گوتارە بەرامبەر بە خەبات لەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان (دامەزراوەی، کۆمەڵایەتی و دۆخی) چییە؟

فێرکلاف دەپرسێت ئایا ئەم خەباتە ئاشکرایە یان نهێنی؟ ئایا ئەم گوتارەی جێی مەبەستی ئێمەیە خزمەتی پاراستنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکات یان هەوڵی گۆڕینی دەدات؟ (هەمان سەرچاوە : ٥٣)

### ٩. ئەنجام و پێشنیارەکان

#### ١.٩ ئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ڕێبازە چۆنایەتییەکان گرنگی تایبەتیان هەیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و بەتایبەتیش میتۆد و تیۆریی شیکاری ڕەخنەیی گوتار وەک ڕێبازێکی چۆنایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا بۆ ئاشکراکردنی ئامانجە شاراوەکانی پشت گوتارە نووسراو و بینراو و وتراوەکان. کۆمەڵناسیش وەکوو بەشێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان جارێک وەکوو تیۆری بۆ لێکدانەوەی کارکردە زمانەوانییەکان لە کۆمەڵگادا و جارێکی تریشیان وەک میتۆد لە توێژینەوە زانستییەکانی خۆیدا پشتی پێدەبەستێت بۆ ئاشکراکردنی کارکردە زمانەوانییەکان و دەرخستنی کاریگەرییەکانی گوتار لەسەر کردەی کۆمەڵایەتی لای تاکەکانی کۆمەڵگا.

لە لایەکی ترەوە، شیکاری ڕەخنەیی گوتار ئامانجی دەرخستن و نیشاندانی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەیە کە لەنێوان گوتار (زمان) و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵات و ئیدیۆلۆژیدا هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی سێ ڕەهەندی کە بریتین لە دەق، پراکتیکی گوتار و پراکتیکی کۆمەڵایەتی. فێرکلاف بۆ یەکەم جار شیکاری ڕەخنەیی گوتاری وەک میتۆدێکی چۆنایەتی پێشنیار کرد. لە ڕوانگەی ئەوەوە گوتار لە سێ ڕەهەندەوە کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگا: دیاردەی شوناسی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی مەعریفە. بە مانایەکی تر گوتار ئەرکی دروستکردنی شوناس و پەیوەندی و بیرکردنەوە بەدی دێنێت. لە

تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا بە هۆی بوونی سێ ڕەهەندی دەق، پراکتیکی گوتار و پراکتیکی کۆمەڵایەتی پێویستە لە کاتی شیکردنەوەی ڕووداوەکانی پەیوەندیکردندا سێ ئاستی، دەق، پراکتیکی گوتار و پراکتیکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێت. لە ئاستی دەقدا گرنگی بە پێکهاتەی زمانەوانی دەدرێت. لە ئاستی پراکتیکی گوتاردا ئەو گوتار و ژانرانە شی دەکرێنەوە کە لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەقدا ڕۆڵ دەبینن. هەروەها ئاستی پراکتیکی کۆمەڵایەتیش پەیوەندی بەو کۆمەڵە ڕەچاوکردن و تێبینییانە هەیە کە نیشانی دەدەن کە پراکتیکی گوتار چ ڕۆڵێک دەگێرێت لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە یان تێکچوونی ئەو نەزمە گوتارییە کە دەقەکە چ ڕۆڵ و دەرەنجامێکی پراکتیکی کۆمەڵایەتی هەیە.

**٢.٩ پێشنیارەکان:**

شیکاری ڕەخنەی گوتار وەک و میتۆدێکی چۆنایەتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵناسی بەتایبەتی بۆ دەرخستنی کارکردەزمانیەکان لەسەر کردەی کۆمەڵایەتی لەلایەک و خوێندنەوەی لایەنە شاراوەکانی پشتی دەقەکان لەلایەکیتر ، چگە لەوەی ئەم میۆدە دەکرێت وەک و تیۆریەکی زانستی سەیر بکرێت بۆ خوێندنەوە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان .

١_ لێکۆڵینەوەی زیاتر و قوڵتر لەسەر شیکاری ڕەخنەی گوتار، لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسیەوە ، وەک و بنەمایەکی تیۆری و میتۆدۆلۆجی .

٢_ هاندانی توێژەران بۆ کارکردن بە میتۆدی شیکاری ڕەخنەیی گوتار، بەتایبەت لەدەرخستنی کاریگەریە گوتاریەکان لەسەر کارکردە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگای کوردی دا .

٣_ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ڕەخنە گرانە لەسەر کاریگەریەکانی گوتاری سیاسی و ئایینی لە کۆمەڵگای کوردی، بە سود وەرگرتن لە شیکاری ڕەخنەی گوتار وەک و بنەمایەکی میتۆدۆلۆجی .

**١٠ . لیستی سەرچاوەکان:**

**١٠. ١ سەرچاوە کوردیەکان :**

- فەریق، هەورامان. (٢٠١٨) پەروەردەی ئیسلامی و ململانێی گوتارەکان، سلێمانی: ناوەندی سارا.
- محمدی، حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش،چابخانەی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2006

**١٠. ٢ سەرچاوە عربیەکان :**

-_الحمیری، عبدالواسع،ما الخطاب وکیف نحلله، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع،الطبعة الاول، بیروت، لبنان،2009

**١٠. ٢ سەرچاوە فارسیەکان** :

- آقاگل زادە، ف. و غیاثیان، م (٢٠٠٧) رویکردهای غالب در تحلیل گفتمان انتقادی، مجله زبان و زبانشناسی، شماره ٥، صص ٣٩-٥٤.
- حاج علی، ع. (٢٠١٦) فوکو، گفتمان، تحلیل گفتمان. فصلنامه انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارتباطات، سال دوازدهم، شماره ٤٢، بهار، صص ٦٣-٨٧.
- عقیلی، و. و لطفی حقیقت، ا. (٢٠١٠) کاربرد روش تحلیل گفتمان در علوم رفتاری. دانشنامه، شماره٤٢، صص ١٦٩-١٩٤.

١٠. **٣ سەرچاوە ئینگلیزییەکان :**

- Baker, P. and Ellece, S. (2011) Key Terms in Discourse Analysis, London: Continuum International Publishing Group.
- Barbara jonstone,Discourse Analysis,Second Editioon,Blackwell publishing,Oxford university 2008
- Benwell, B. & Stokoe, E. (2006). Discourse and identity, Edinburgh: Edinburgh University Press
- Blommaert, J. (2005) *Discourse*, New York: Cambridge University Press.
- Brown, G. and Yule, G. (1985) *Discourse Analysis*, New Yok: Cambridge University Press.
- Corson, D. (1995). Discourse and Power in Educational Organizations, Creskill: Hampton Press, N.J.

- Vighi, F. and Feldner, H. (2007) Ideology Critique or Discourse Analysis? *European Journal of Political Theory*, Vol. 6, No. 2, pp. 141-159.
- Fairclough, N. (2003) *Analyzing Discourse*, London: Routledge.
- Fairclough, N. (2010) *Critical Discourse Analysis: The Critical Study of Language*, London: Routledge.
- Fairclough, N. (1992) *Discourse and Social Change*, London: Polity Press.
- Fairclough, N. (1989) Language and Power, London: Longman.
- Fowler, Hodge, Kress and Trew (2019) *Language and Control*, New York: Taylor & Francis.
- Gee, J. P. (2011) *An Introduction to Discourse Analysis Theory and Method*, London: Routledge.
- Halliday, M. A. K. (1978) *Language as Social Semiotic: The Social Interpretation of Language and Meaning*. London: Edward Arnold.
- Jorgensen, M. and Phillips, L. J. (2002) *Discourse Analysis as Theory and Method*, London: Sage.
- Keller, R. (2013) *Doing Discourse Research*, London: Sage.
- Locke, T. (2004) *Critical Discourse Analysis*, London: Continuum International Publishing Group.
- Lilie Chouliaraki and Norman Fairclough, 1999 Edinburgh University Press.
- Schiffrin, D., Tannen, D. and Hamilton, H. (2001) *The Handbook of Discourse Analysis*, London: Blackwell.
- Sipra, M. A. and Rashid, A., (2013) Critical Discourse Analysis of Martin Luther King's Speech in Sociopolitical Perspective, *Advances in Language and Literary Studies*, Vol. 4 No. 1, pp. 27-33.
- Van dijk, A ,(2008) Discourse & power , Macmillan UK
- Wodak, R. and Meyer, M. (2001) *Methods of Critical Discourse Analysis*, London: Sage, 2001.

**مبادئ تحليل الخطاب النقدي نورمان فيركلاف**

**دراسة نظرية تحليلية**

**أ.م.د. ميديا ابراهيم فتاح**

كلية الاداب-قسم علم الاجتماع/ جامعة سوران

media.fatah@soran.edu.iq

**هيوا أحمد عزيز**

قسم علم الاجتماع،كلية الاداب، جامعة صلاح الدين-أربيل

hiwa.a.aziz@su.edu.iq

**الملخص**

تُعَد هذه الدراسة محاولة لتسليط الضوء على التحليل النقدي للخطاب من منظور عالم الأجتماع نورمان فيركلاف والذي يتم أستخدامه كنظرية ومنهج في ميدان العلوم الأجتماعية وخصوصا علم الأجتماع. قام الباحثان في هذه الدراسة بتسليط الضوء على الأسس النظرية للتحليل النقدي للخطاب في دراسة الظواهر الأجتماعية لدى نورمان فيركلاف، وأضهار تأثير الأفعال اللغوية على النشاطات غير اللغوية، أضافة الى قيامهم بتوضيح خطوات التحليل النقدي للخطاب كمنهج.

**الكلمات المفتاحية**: الخطاب ، تحليل الخطاب النقدي ، الأيديولوجيا.

**Principles of Critical Discourse Analysis by Norman Fairclough**

**Theoretical analysis study**

**Media Ibrahim Fattah**
Department Sociology, college of Art, Soran University-Erbil
media.fatah@soran.edu.iq

**Hiwa Ahmed Aziz**
Department of Sociology,college of Art salahaddin University-Erbil
hiwa.a.aziz@su.edu.iq

**Abstract**

This research is an effort to further introduce critical discourse analysis from the perspective of English scholar, Norman Fairclough; once as a theoretical principle and once as a methodological principle in research in the social sciences, especially sociology. On one hand, in this study, the researchers have tried to present the theoretical principles of critical discourse analysis by Fairclough for studying social phenomena and revealing linguistic functions on non-linguistic actions, and on the other hand, they have tried to enlighten the phases of critical discourse analysis as a methodological principle

**Keywords**: Discourse, Critical Discourse Analysis, Ideology